# ئاڵای کورد

**ئەحمەد دەشتی**

پەرچەمی کوردم چوار ڕەنگی جوانە
خەبات و ئاشتی و بەرزی ژیانە
سوورم خەباتی ڕزگاری بوونە
سپیم ئاشتیە و هیوای شاد بوونە
سەوزم نیشانەی سەربەرزی ژیانە
کورد سەربەخۆبێت لەم کوردستانە
خۆرەتاوی زەرد لەسەرئالای من
ژیان دەبەخشیَ بەگشت خاکی من
تیشکی خۆرەتاو لە سەر ئالاکەم
هێمای ژیانە بۆ وەلاتەکەم
بیست و یەك تیشکە ڕۆژی ئالای من
هاتنی نەورۆزە و سەرە سالی من
ئالای ڕەنگینی خۆمم خۆش دەویَ
تا بەرز نەکریَ دلّم ناسرەویَ
کوردیش هەردەبیَ ئالای سەرکەویَ
سەربەخۆوئازاد ناوی دەرکەویَ
کوردینەوەرن هەموویەك بگرین
لەرێگەی بەرزی ئالامان بمرین
نەفرین لە هەموو نەیاران بکەین
دوژمنان قاودین ڕوو لەیەکترکەین
یەکگرتن مایەی سەربەرزی بوونە
دژ بە یەك بونمان مەرگ و نەبوونە
هەرگەلیَ ئالای نەشەکێتەوە
هەرچەوساوەیەو پێش ناکەوتەوە
گەر کوریش هەموو بە دلَ پێکەوە
ئاڵای بەرز کاو دەحەسێتەوە
با هەموو بلێین بژی گەلی کورد
سەرکەویَ ئاڵای بەرزو ڕۆژی کورد



*